**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## بریاری ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠١١

پشت بە حوکمی مادده (١/٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠١١/١٢/٨ کە تایبەت بوو بە پێش چاو خستن و گفتوگۆکردنی ئەو رووداوانەی کە لە هەندێ لە شارەکانی پارێزگای دهۆک روویانداو بوونە هۆی هێرش کردنە سەر هەندێ شوێن و ماڵ و موڵکی تایبەتی وگشتی و بارەگاکانی حزبی یەکگرتووی ئیسلامی و راگەیاندکارەکان بڕیاری دا:

**یەکەم:**

سەرکۆنەو بەتاوان ناساندنی رووداوە نەخوازراوەکانی شارەکانی (زاخۆ ، سمێڵ ، زاویتە ، دێرەلووك ، قەسرۆك) کە رۆژی ٢٠١١/١٢/٢ و رۆژانی دواتر روویانداو هەوڵدان بۆ نانەوەی ئاژاوە لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی کوردستان و، هێرش کردن و وێران کردن و سووتاندن و زیان گەیاندن بە موڵك و ماڵی تایبەتی و گشتی و بارەگاکانی حزبی یەکگرتووی ئیسلامی لەو شارانەدا.

**دووەم:**

بەدەستەوەدانی نەخشەدارێژەران و هاندەران و بەشداربووان و بکەران و ئەوانەی لە دەستی دادوەری هەڵهاتوون بە پۆلیس و دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی بە پێی یاسا ریکاری یاساییان دەرهەق وەربگیرێت.

**سێیەم:**

لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە رێکاری کارگێری لەگەڵ ئەو بەرپرسە کارگێری و ئەمنیانەدا وەربگرێت کە کەمتەرخەم بوونەو، لەسەر ئەو کەمتەرخەمییەیان بەرامبەر رووداوەکانی رۆژی ٢٠١١/١٢/٢ لێپرسینەوەیان لەتەکدا بکات، چونکە نەیانتوانیوە رێکاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ رێگەگرتن لە روودانی و تە شەنەکردنی.

**چوارەم:**

لەسەر حکومەتی هەرێمە بە پێی یاسا بۆ قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی کەسەکان و لایەنە زیان پێکەوتووەکان لە ئاکامی رووداوەکاندا رێکاری پێویست بگرێتە بەر.

**پێنجەم:**

پێویستە لەسەر لیژنەی لێکۆڵینەوە کە بە بڕیاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە بە خێرایی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بۆ رای گشتی رابگەیەنێت.

**شەشەم:**

لەسەر هەموو لایەنەکان و هۆکارەکانی راگەیاندنە بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆیان لە ئەستۆبگرن وچارەنووسی هەرێمی کوردستان و باروودۆخی ئیستای ناوچەکە بۆ پێکەوە ژیانی هەموو پێکهاتەکان و بابەتی دیموکراتی رەچاوبکەن و هەڵمەتی راگەیاندن دژ بە یەکتری رابگرن.

**حەوتەم:**

لەسەر وەزارەتەکانی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و، رۆشنبیری ولاوان و وەزارەتی پەروەردەیە لە رێگای وتاربێژان و پیاوانی ئاینییەوە رۆشبیری لێك بوردەیی و پیکەوەژیانی برایانەو ئاشتیانە لە هەرێمدا بلاوبکەنەوە.

**هەشتەم:**

بەو پێیەی پەرلەمانی کوردستان نوێنەری شەرعی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە جەخت لەسەر پێویستیی چەسپاندنی پرەنسیپی ئازادی و هاوکاری و پیکەوەژیانی ئاشتیانە دەکاتەوە.

**نۆیەم:**

سەرکۆنەکردن و بەتاوان ناساندنی هەموو ئەو پێشێلکاری و دەست درێژیانەی کە کراوەتە سەر رۆژنامەنووسان و کە ناڵەکانی راگەیاندن.

**دەیەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**یانزدەیەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژی پەسندکردنیەوە لە ٢٠١١/١٢/٨ جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاو دەکرێتەوە.

**محمد قادر عبدالله**

**(د. کەمال کەرکووکی)**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆکاری دەرچوواندنی

لەبەر ئەو نیگەرانییەی کە لە ئاکامی رووداوە نەخوازراوەکانی پارێزگای دهۆك تووشی پەرلەمانی کوردستان هات، بەو پێیەی کە نوێنەری شەرعی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە. ئەوەی هەستی پێ دەکرێت ئەو هەڵویستە نا بەرپرسیارانەی کەسان و لایەنەکانە کە مەبەست لێی تێکدانی باری ئەمنی و نانەوەی ئاژاوە بووە لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان، لە کاتێکدا پەرلەمان دووپاتی پێویستی چەسپاندنی پرەنسیپی مێژوویی نەگۆڕی هەرێم لە هاریکاری و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکانی ئاینی و ئەتنی و نەتەوەیی و ئازادی تاکەکان وزامن کردنی مافەکان و ئازادییەکانی مرۆڤ و پاریزگاری کردنیان و پەرەپێدانیان و قبوولکردنی یەکتر دەکاتەوە ئەم بڕیارە دەرکرا.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان ـ العراق**

# قـــرار رقم (٣٠) لسنه ٢٠١١

استناداً لحكم المادة (١/٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر برلمان كوردستان ـ العراق بجلستة الاستثنائية المرقمة (٧) والمنعقدة بتأريخ ٢٠١١/١٢/٨، الخاصة بعرض ومناقشة الاحداث في بعض مدن محافظة دهوك والتي اسفرت عنها الهجوم على بعض الاماكن والاموال الخاصة والعامة ومقرات حزب الاتحاد الاسلامي والاعلاميين، مايلي:

**أولاً:** ادانة وتجريم الاحداث غير المتوقعة في مدن (زاخو، سيميل، دهوك، زاويته، ديرەلوك، قەسرۆك) يوم ٢٠١١/١٢/٢ وما تلتها ومحاولة اثارة فتنة بين المكونات الاثنية والدينية في كوردستان، والهجوم والتدمير والاحراق والاضرار بالأموال الخاصة والعامة ومقرات حزب الاتحاد الاسلامي في تلك المدن.

**ثانياً:** تسليم المخططين والمحرضين والمساهمين والمشاركين والفاعلين والهاربين من وجه العدالة الى الشرطة والسلطات لأتخاذ الاجراءات القانونية بحقهم وفق القانون.

**ثالثاً:** على حكومة اقليم كوردستان اتخاذ الاجراءات الادارية مع المسؤولين الاداريين والامنيين المقصرين، ومحاسبتهم على تقصيرهم في مواجهة الاحداث التي وقعت يوم ٢٠١١/١٢/٢، وتلكؤهم في اتخاذ الاجراءات اللازمة للحيلولة دون وقوعها وانتشارها.

**رابعاً:** على حكومة الاقليم وبموجب القانون اتخاذ ما يلزم لدفع التعويض المادي والمعنوي للاشخاص والجهات المتضررة من جراء الاحداث الواقعة.

**خامساً:** على اللجنة التحقيقية المشكلة بقرار من السيد رئيس اقليم كوردستان اعلان نتائج تحقيقاتها بسرعة الى الرأي العام.

**سادساً:** على جميع الجهات ووسائل الاعلام تحمل مسؤولياتهم التاريخية والاخذ بنظر الاعتبار مصير اقليم كوردستان والظروف الراهنة في المنطقة للتعايش السلمي لجميع المكونات والمسألة الديمقراطية وايقاف الحملات الاعلامية ضد الاخرين.

**سابعاً:** على وزارات الاوقاف والشؤون الدينية، والثقافة والشباب ووزارة التربية عن طريق الخطباء ورجال الدين نشر ثقافة التسامح والتعايش الاخوي والسلمي في الاقليم.

**ثامناً:** برلمان كوردستان باعتباره الممثل الشرعي لكافة مكونات شعب كوردستان يؤكد على ضرورة ترسيخ مبدأ الحرية والتضامن والتعايش السلمي.

**تاسعاً:** ادانة وتجريم جميع التجاوزات والاعتداءات الواقعة على الصحفيين وقنوات الاعلام.

**عاشراً:** على مجلس الوزراء والجهات المعنية كافة تنفيذ احكام هذا القرار.

**حادية عشرة:** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ اقراره في ٢٠١١/١٢/٨ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**محمد قادر عبدالله**

**(د. كمال كركووكي)**

**رئيس برلمان كوردستان – العراق**

## الاسباب الموجبة

بالنظر لما ساور برلمان كوردستان باعتباره الممثل الشرعي لكافة مكونات شعب كوردستان من قلق مشروع ازاء الاحداث المؤلمة الغير المتوقعة في محافظة دهوك، الذي يستشف منه موقفاً لا ابالياً من اشخاص وجهات كان هدفها تعكير الامن واثارة الفتنة بين المكونات الاثنية والدينية في كوردستان، وفي الوقت الذي يؤكد البرلمان على ضرورة ترسيخ المبدأ التأريخي الثابت في الاقليم في التضامن والتعايش السلمي لمكونات الشعب الدينية والاثنية والقومية والحرية للأفراد وضمان حقوق وحريات الانسان والمحافظة عليها وتطويرها وقبول الاخر، صدر هذا القرار.